# بەياننامەكەی سەرۆكايەتی هەرێم ، چەواشەكارييەكی تری دەسەڵاتە بەرامبەر بە گەل



**هێمن ڕەئووف..** سويسرا
http://hemnrauf.kurdblogger.com/

**ئايا ئەو شكستييە لە كوێی ئەم ڕەوڕەوەيەدايە كە نەتەوەی كورد بە ژياندا تێدەپەڕێنێ، وا هەردەم لەدواوی دواوەيە ؟ بۆچی دەبێ لە هەموو گۆڕانكارييەكی ئيجابيدا بێبەشترين مەخلوق بين ؟ ئەی بۆچی دەبێ هەمووكاتێك بەشمان لەگەڵ دۆڕاوەكاندا بێت ؟ يان بۆچی سوود لە هيچ سوودبەخشێك وەرناگرين ؟ ئايا سروشتی تاكی كورد وايە،ئەوەندە ناتەندرووست و بێفەڕ درووست بووين ؟؟؟؟؟؟؟ يان ؟**

**ئەوا ئەمجارەيش دۆڕاوە شەڕەنگێزەكانی سەردەم ( ئەمريكاو هاوپەيمانەكانی) لەدوای بەرپاكردنی كارەساتێكی تراژيدی بێوێنە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ، دەيانەوێ ئەم گەلە ستەمديدەو خێرلەخۆنەديوەی كوردبكەنە پەرژين و پرد بۆ دەربازبوونو پەڕينەوە لەم جەهەننەمەی بۆ خۆيانيان داخستووە .**

**بەڵام ئەو جۆرە رووداوانە و دووبارەبوونەوەی هەر نەهامەتی و سوتانی هەر شانسێكی تری نەتەوەيی چاوەڕوانكراوە لە وڵاتێكی بێخاوەنی وەكو كوردستاندا. چونكە چارەنووسی ئەم گەلی كوردە بەدەستی چەند كەسانێكەوە ياريی پێدەكرێ كە داردەستو جێبەجێكەری هەربڕيارێكی ئەوانن . هێشتا پێشنيارەكەی بێكەر_هاميلتۆن بە تەواوی بڵاو نەبوو بووەوە ، سايتی پيوک ميديای سەر بە ئۆرگانی ڕاگەياندنی يەكێتی دەنگی خۆيانی پێدا و نووسيبووی كە( دەسكەوتەكانی كورد پارێزراوە بەگوێرەی ڕاپۆرتەكە )  بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ڕەخنەو پێشنياری ڕەخنەگرانو ميديای كوردی و بەياننامەكەی سەرۆكايەتی هەرێم ، بەبێدەنگی ئەو هەڵەيەيان لابردو كرديان بەژێر خۆڵی بابەتێكی بێكەڵكی ترەوە ..**

**بەياننامەكەی سەرۆكايەتی هەرێم وەک ئەوەی پێويستييەكی سەددەرسەدەو هێشتا نەرموو نيانی و ستايشەكانی بەزەقی دەبينرێ ..**

**بەڕای من :  ئەوەيش بۆ دەمبەستنەوەی جەماوەرو لە ترسی ميديای ئازاد نوسراوە ، وەكو ئەو هەموو بەياننامەو بڕيارو لێدوانانەی ترە كە ئەرشيفەكانيش لێيان بێزارن .  هەتا ماوەيەكە و دواتركەس لەبيريشی نامێنێ.  وەكو مەسەلەی چەسپاندنی مافی چارەنووسی نەتەوەيی كورد لە دەستوری عێراقدا، وە گێڕانەوەی كەركوک پێش هەڵبژاردنە گشتييەكانی عێراق ، وە گۆڕينی ئاڵای بەعس و ئەنفال و كيمياوی، لەو عێراقەدا كە كورد ئێستا بەشێكی دياری دەسەڵاتە تێيدا . ئەوەتا هەمووی لە شوێنی خۆيەتی و لەبەرچاوی هەمواندايە .**

**لەسەفەرەكەی ئەمجارەی ئەو هەموو گەورەپياوەی كورددا بۆ بەغدا ، دەبوايە هەر هيچ نەبێ كێشەی ئاڵاكە چارەسەر بكرايە ، يان هەر نەبوايە وەک دەستپێكێک ئەو خانەقی يەی كە ميللەتەكەی بە كورد و عەرەبو توركمانەوە داوادەكەن بگەڕێنەوە سەر جوگرافيای كوردستانو هيچ كێشەيەكی بنەڕەتی و جەوهەری وەهای تێدا نەماوە ، بگێڕدرايەتەوە سەر ئيدارەو جوگرافيای كوردستانی زێدی خۆيان.**

بەڵام کاتێک هەڵوێستەکان ئاوا بەساردی دەبینرێن و لە دوای ١٦ ساڵ لە تاڵانکردنی سەروەتو سامانی کوردستان هێشتاچاویان تێر نەبووە و پارەو بودجەو نەوت هەموو شتێکیان لە بیر دەباتەوە ، ئیتر چۆن عەرەب و تورکمان دەنگ هەڵنابڕن لەو کەرکوکەدا و کورد بە غورەباو قەرەج نازانن ؟ چۆن تیرۆرستان لە موصل جارێکی تر دەست بە قاتو قڕکردنی کوردان ناکەن و کوردەکانیش لەم سەردەمی گۆڕانو ئازادییەدا جارێکی تر دەربەدەری نابنەوە ؟؟ (٤٠ هەزار خێزانی کوردی ئاوارە لە دوای داگیرکردنی عێراق ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ ) ..

ئیتر چۆن بێکەر _ هامیلتۆن ، کورد و کێشەکەی ناکەن بە پاشگر و پێشگرێک لە هەر شوێنێکی پەرەگرافەکەیاندا پێویست بکات ڕستەکانی پێ ڕاست بکەنەوە ؟؟؟

بە بۆچونی من کورد و کێشەکەی لە دوڕیانێکی زۆر ترسناکدایە . وە گیرۆدەی دەستی چەند ڕێبەرێکی نەزان و نەشارەزاین کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانن یان نازانن ئاراستەی بارودۆخەکان بگۆڕن . بۆیە پێویستمان بە گۆڕانە ، پێویستمان بە خەبەر هێنانەوەی جەماوەرە ، پێویستە میدیاکان لە ناوەوەی دەرەوەی کوردستان وە نوسەران و ڕخنەگران و کەسانی بەتوانا ، بەبێ گوێدانە لێدوان و بەیاننامەکانی سەرکردەکان . دەنگی خۆیان هەڵبڕن ، بێدەنگ نەبن لە ئاستی ئەم ستەمو زوڵمە مۆدێرنەدا ، کە ئەمریکای خاوەن و باوکی سەرانی کورد لەم پرۆژەو نوێخوازییەدا کە بەدیاری بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هێنا بە ئێمەی کورد بڕا . جارێکی تر پشت بەستن بە توانای ماددی و مەعنەوی پارتی و یەکێتی بەرەو شکستی گەورەترمان دەبات ..

هەڵوێستی هەفتەنامەی هاوڵاتی بەرز دەنرخێنین . وە هیوادارم پراکتیزەکردنی ئەو هەڵوێستە بەدوادا نەخەن و کەمپینێکی مەیدانی لە شارەکانی کوردستاندا ڕێک بخەن . وە دوو بارە داوا دەکەم لە نووسەرانو دەزگاو ڕێخراوە مرۆییەکان بێدەنگ نەبن و هەڵوێست وەربگرن ، وەئێستا کاتی ئەوەیە ناوەندی چاک لەم ئەزمەیەدا ئەسپی خۆی تاودا ، وەک چۆن بۆ مافە خوراوەکانی گەلی کورد هەموو کاتێ سەرقافڵە بووە .

2006.12.08